# هونراوەکانی مەولەوی

حسن صلاح سوران

بە بۆنەی کۆنگەرەی بیرەوەری مەولەوی تاوگۆزەیەوە نووسراوە، کە سالی ١٣٧١ی هەتاوی لە شاری سەقز بەرپا دەبێ:

## بە ناوی خودای زانا

خۆشەویستان! زۆر خۆم بە بەختیار دەزانم، کە لە کۆنگەرەی بیرەوەری سەید عەبدور ڕەحیمی مەولەویدا، کە بە مەولەوی کورد یا مەولەوی تاوگۆزی یا مەولەوی مەعدومی بە ناوبانگە، ئەم وتارەم دەخوێندرێتەوە، چون هەر لە مێژەوە، هۆگری مەولەوی بووم و هەیکەلی خۆشەویستی ئەو هۆنەرە پایە بەرزەم، بە بەردی مەرمەڕی ئیرادەت، لە مەیدانی دڵمدا دروست کردوە. بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە دەبێ عەرزتان بکەم، کە نزیکەی سی ساڵ لەمەوپێش، لە هۆنراوەی قەسەمنامەی وێژەیی‌دا، بەم چەشنە یادی مەولەوی نەمرم کردوە:

بە وتەی شازی مەولەوی مەعدووم    نە نیشان‌دانی هەتاوی مەعلوم
بە شاسواری مەیدانی بەقا    بە ئەستێرەی گەش، شێعری دە هیجا
بە گیانلەبەری وتەی کۆن قەسەم    بە هەڵبەستی جوان عەنبەر بۆن قەسەم

بەڕێزان! قسە کردن سەبارەت بە بەرزی پللە و پایەی مەولەوی کورد، لە ئەدەبدا، کات و ساتێکی زۆری دەوێ و لە وتارێکی چەند دەقیقەییدا، ئەم کارە ئەنجام نادرێ. یانی وەك ئەوە وایە کە بە یەك نەفەر بڵێن لە ماوەی چەند دەقیقەدا، سەبارەت بە ڕۆژ قسە

بکه. دیاره له چەند دەقیقەدا، ناکرێ یەك لە هەزاری چلۆنایەتی ڕۆژ باس بکرێ. بەڵێ من دەمەوێ لە ماوەی چەند دەقیقەدا، سە بارەت بـە چـلۆنایەتی ڕۆژی ئـاسمانی ئـەدەبی کوردەواری، لە بەتێسنی ئەدەبیدا بدوێم و فەقەت سەبارەت بە هۆنراوە کوردیەکانی قسە بکەم:

جا لەبەر ئەوەی کە لە هەر شتێك دەنکێك و لە هەر خەڵوارێك مشتێك بۆ نمونە نیشان بدەین. دەمەوێ لە ژێر چەند سەردێڕدا، لە هۆنراوەکانی مەولەوی نەمر بکۆڵمەوە کە بە هیوام سەرنجی ئێوەی بەڕێز بۆ لای خۆی ڕابکێشی و بتوانم چەند دەنك لەگەنجینەی بە نرخی گەوهەر و مرواری شێعری مەولەوی تاوگۆزی بخەمە بـەر چـاو و بـە تـەرازوی ئەدەب هەڵیان سەنگێنم:

دەمەوێ لەم ڕوانگانەی خوارەوە. وە سەبارەت بە هۆنراوەکانی مەولەوی قسە بکەم و لێیان بکۆڵمەوە:

## ١ ـ چلۆنایەتی گشتی هۆنراوەکانی مەولەوی:

هۆنراوەی هونەری پایەبەرز، مەولەوی مەعدومی، بە چەشنێکی وا نووسراوە، کە لە دڵی هەر خوێنەرێکدا جێیی خۆیان دەکەنەوە. بە بڕوای من بڕێك لە هۆی بـە سـۆزی هۆنراوەکانی مەولەوی ئەم خاڵانەی خوارەوەن:

ئ ـ لە هەستێکی بەتینەوە هەڵقوڵاون یانی بە قەولی کوردی لە دڵەوە هەستاون و لە سەر دڵ دادەنیشن.

ب ـ ڕۆح لە نێوان وشەکانیاندا هەیە. بە بڕوای من هۆنراوەی چاك ئەوەیە، کە بێجگە لە جوانی و ڕێكو پێکی وشەکانی و سەناعاتی دیکەی ئەدەبی، ڕۆح لە بەینی وشەکانیدا بێ، کە هۆنراوەی مەولەوی ئەم چلۆنایەتیەی هەیە.

ج ـ زاراوەی هەورامی زمانی کوردی بۆ هۆنراوە زۆر شیاوو لەبارە.

د ـ ساکاری بێ چوونی ژیان. چون لەگەڵ ئەمەشدا، کە مەولەوی زۆر زاناو هێژا بووە هۆنراوەکانی زۆر بەساکاری وبە سۆزەوە دەربڕیوە.

**٢ـ هەستی خوداناسی لە هۆنراوەکانی مەولەویدا:**

یەکێك لە جوانیەکانی هۆنراوەی مەولەوی لەوەدایە، کە هەستی خوداناسی بەو پەڕی بەرزیەوە تییاندا دەربڕاوە. لە دیوانی مەولەویدا، ئەم چەشنە هۆنراوانە زۆر وە بەر چاو دەکەون. بۆ وێنە ئەم چەند دێڕەتان لە هۆنراوەیەکی موناجاتی مەولەوی بۆ دەخوێنمەوە:

ئەی گرد مەوجودێ جە تۆ گرت مایە    مەوجوودی هەر تۆنی، ماسوی سایە
سەروەشم بەی وەسف جە ماڵیتەوە    باز هەم بەی جیلوەی جەلالیتەوە
چار نیەن جە دەس جیلوە نەکەردەن    بسم الله ئەو تیغ، ئەو کەچی گەردەن
هیچ کسێ نیەن، داد وێم کەروون    جە دەس تۆ بێداد وە لای کێ بەروون
واوەیلام بێ‌حەد، زاریم بێ شۆمەن    جە لای تۆ فەریاد جە دەستی تۆمەن

**٣ـ جیناس لە هۆنراوەکانی مەولەویدا:**

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی هۆنراوەی مەولەوی، بەکار بردنی سەنعەتی جیناسە، کە لێرەدا نموونەیەتان پێشکەش دەکەم:

بەهار هەوای بەرد جە سەرزەمین بەرد    تۆمەی گوڵاڵان وە جۆی وەرد ئاورد

کە هەروەك دەزانین وشەی (بەردی) هەوەڵیان بە مانای زستانەو وشەی (بەردی) دووهەمیان بە مانای (بردە). واتە: لە بەهاردا، بەهار هەوای زستانی لە سەر زەوی لا برد. یا لەم هۆنراوەیەدا، کە دەڵێ:

شادیو وەشی وعەیش، چەمو خەم جەم بی    چێوێ جەلامان، کەم بی هەر خەم بی

کە وشەی (خەم)ی هەوەڵ وشەیەکی لفەدوانەیەو لفی وشەی (چەم). کە بە سەر یەکەوە (چەمو خەم) دەبێتە شادیو کەیف خۆشی، هەر وەك کە لەم وتە فۆلکلۆریەدا دەڵێ "جەحێڵیەو چەمو خەم" واتە گەنجیەو شادیو کەیف، وشەی (خەم)ی دووهەم بە مانای (خەم) و غوسسەیە. کە مانای تەواوی هۆنراوەکە بە سەر یەکەوە بەم چەشنەیە: شادیو خۆشیو عەیشو کەیف خۆشی هەمووی لامان جەم بوون، ئەوەی کە لە کن ئێمە کەم بوو، هەر خەمو خەفەت بوو.

**۴ـ نامە بۆ دۆستان لە هۆنراوەی مەولەویدا:**

مەولەوی یەکێك لەو هۆنەرانە بووە، کە نامەی زۆر لە دۆستانی بە هۆنراوە نووسیووە یا وەڵامی نامەکانیانی بە هۆنراوە داوەتەوە. کە ئەم هۆنراوانەش زۆرتریان شاکاری ئەدەبی کوردین. ئەم ڕاستەقینەیە ئەمە دەگەیێنێ کە مەولەوی تاچ ڕادەیەك بە سەر نووسینی هۆنراوەدا، زاڵ بووە. یانی ئەوانەی کە هۆنراوەی شاکاریان نووسیووە زۆرتر ئیلهامێکیان پێ گەیوە و لە ژێر کارتێکردنی ئەو ئیلهامەدا، شێعری شازیان. نووسیوە، بەڵام لەوە دەچێ کە مەولەوی چرای ئیلهام لە دەستی خۆیدا بووبێ و هەر کاتێك کە ویستبیتی هەڵیکردوە و هۆنراوەی شازو کەم وێنەی لە بەرگری تێکی ئەو چرای ئیلهامە هەڵکردوە. دیارە هەمومان ئەمەش دەزانین کە زۆر لە هۆنەرانی پایەبەرزی جیهان ئەم حاڵەتەیان بووە، کە دوروشمی بەرزی ئەو هۆنەرانە سەعدی، فیردەوسی و هۆمێری یۆنانی بوون. چون بۆمان ڕووناکە، کە سەعدی لە نووسینی کتێبی گوڵستاندا کەڵکی لەو تایبەتمەندیە وەرگرتوە و هەر وەها فیردەوسی لە کتێبی شانامەدا هەر ئەو کارەی کردوە و هۆمێریش لە نووسینی کتێبی ئیلیاد و ئودیسەدا.

جا ئێستا نموونەیەك لەو هۆنراوانەی کە مەولەوی لەو دا، وەڵامی نامەی دۆستێکی داوەتەوە دەخوێنمەوە. لەم هۆنراوەیەدا، وا دەردەکەوێ کە ئەو دۆستەی مەولەوی داوای تەزبێحی لە مەولەوی کردوە و مەولەویش بە شێعر وەڵامی داوەتەوە، کە لەو پەڕی جوانی و بەرزی دایە:

| | |
|---|---|
| جیلوەی جەلای جام دڵەی پڕ جەگرد | فەرمات پەی تەزبێح، ها ڕوانەم کرد |
| پەرێ تۆ خاسەن، هەر شام تا سەحەر | هەر ژمارەی وەسڵ، باڵای دڵبەر کەر |
| نەك چون من وزو وە هەوناو وەستە | خەم سیواك، نمای مەینەتان بەستە |
| نیشتەی گۆشەی تار نمازخانەی دەرد | ڕوو نەپای میحراب هەناسان سەرد |
| وەی وزو و نەماو وەی سیواکەوە | جەی گۆشەی مێحراب مزگی پاکەوە |
| پەی ژمارەی ذکر کرەی ئێش و نێش | کافیەن دیدەم، تەزبێحم پەی چێش |

**٥ـ وەسفی دیمەنەکانی سوروشت لە هۆنراوەی مەولەویدا:**

مامۆستای شاعیرانی کورد مەولەوی مەعدومی لە وەسفی دیمەنەکانی سوروشتدا، دەستێکی باڵای بوە و کەم کەس توانیویە لەم بەینەدا، بەم چەشنە هۆنراوە بڵێ. ئێستا هۆنراوەیەکتان بۆ دەخوێنمەوە، کە مەولەوی لەودا باسی دیمەنی بەهار دەکا:

وەهارن، سەیرەن، سەوزەی دیاران  نم کەوت جە دیدەش چون شەو بێداران
پەی دڵەی مانیای دەروون مەلاڵان  سایە بەستەوە خەیمەی گوڵاڵان
بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دڵ  مانۆ وە نەسیم جێب جەمین گوڵ
چون دێوانەی شۆر ئازیز لە سەردا  شەتاو سەر هۆرگرت وە دەشت ودەردا
تووڵانی چون هیجر خاتر پڕ دەردان  ڕوان وێنەی وسڵ، گەردەن بێ گەردان
های جە شنۆی وەش ڕۆح ئەفزای کاوان  ئای جە شاخەی تاف ساف سەراوان

**٦ـ نوکتەبینی و وردبینی لە هۆنراوەی مەولەویدا:**

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی هۆنراوەی مەولەوی ئەوەیەکە وردبینی و ناسك خەیاڵی تێیاندا بەو پەڕی بەرزی گەیشتوە. بۆ وێنە ئەم بەیتەی خوارەوەتان بۆ دەخوێنمەوە، کە هێندە بەرزە، ئەگەر مەولەوی لە ژیانیدا تەنیا ئەم بەیتەی بنووسیایە، هێشتا بە یەکێك لە هۆنەرە هەرە بەرزەکان دەژمێررا:

وەنەوشە سوجدەی خاڵانەش بەردەن  بۆیە بە دایم کەچ کەردەن گەردەن

واتەگوڵی وەنەوشە بەو خەت و خاڵە جوانەوە سوجدەی بردوەتە بەر خەت و خاڵی ئەو، بۆیە واگەردنی کەچ کردوە. بە ڕاستی شێعرێکی بەرزە و لەو پەڕی ساکاریدا وێژاوە، کە پڕیەتی لە جوانی و لە سۆزو لە ئیخلاس. لە لایەکی دیکەشەوە، تا جیگەیەك کە من هەواڵ دەزانم، مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا، لاسایی کەسی نەکردوەتەوە، بەڵکە مەبەستێکە کە خۆی بۆ جاری هەوەڵ گوتویەتی.

عازیزان! هەروەك لە پێشدا عەرزم کردن، کەی دە کرێ لە چەند دەقیقەدا بە تـەواو باسی هۆنراوە کانی مەولەوی نەمر بکرێ؟ ئەم وتارەی من وەك ئەوە.وایە کـە بـێی بـە ئاوگەردانێك، چەند لەوێچ لە ئاوی ئۆتیانووس هەلگوێزی. منیش هەر ئەو کارەم کرد. دەنا بۆ ناساندنی هۆنراوە کانی مەولەوی و بۆ لێکۆڵینەوە لەوان لە ڕوانگـە گـەلی جـۆر بەجۆرەوە، نیاز بە چەندین ساڵ وەختو پێویست بە لێکۆلەرەوانی جۆر بە جۆرە، کە هەر کامێك لە لقێکی ڕاستی‌دا شارە زا بن. هەر لە بەر ئـەمە مـن پـێشنیار دە کـەم، کـە هەیئەتێك بۆ لێکۆڵینەوە لە شوێنەواری ئەدەبی مەولەوی پێك بێ، کە چەند لقی بـبێ و بەرهەمی لێکۆڵینەوەیان لە مەجموعەیە کدا چاپ بکرێ. بۆ وێنە لەم بەستێنانەدا، تەحقیق لە سەر شوێنەوارە کانی بکرێ:

(١) عیرفان. (٢) فەلسەفە. (٣) مەنتیق. (۴) سەناعاتی ئەدەبی. (۵) ئیلاهییات. (٦) زمانی هەورامی. (٧) مێژو.

خۆشەویستان! بۆ ئەوەی کە زیاتر وەختتان نە گرم، لێرەدا دوایی بە وتارە کەم دەهێنم. سپاستان دە کەم.